# تۆ زەریای

پەری شێخ سالح
(سلێمانی)

ئەگەرچی هیچ کات ترسم نییە لە تۆدا نوقم بم
کەچی سەرم کردووە بە سەوڵی دەستم و
دەستم لێی بەرنابێ
تۆ زەریای
نە لە هیچ نیشتیمانێک دای،
نە هیچ نیشتیمانێک لە تۆدا هەیە
قووڵ قووڵ و
سوێر سوێر
نە ماسی تیایدا لە دایک دەبێ و
نە باڵندە لێت دەخواتەوە
من دێم و لە کەنارت پشوو وەردەگرم
دێم و تەنیاییەکانم وەک دان بە باڵندەکان دەدەم
بێزارییەکانم وەک دەسماڵ دەدەمەوە دەستی
شەپۆلەکانت
بەڵکو لەو خەوە قووڵەیان خەبەریان بێتەوە
پرسیارم هەیە لە تۆ
بەلەمی خەونە بچکۆلەکانم بخەمە سەر
پشتی شەپۆلەکانت چی ڕوو دەدات؟
دەگاتە ئەوپەڕ، یان نا؟
کە مانگ هەڵدێ،
کە ئەستێرە دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە
چی ڕوو دەدات؟
شەپۆلەکانت هار دەبن، یان مەند؟
من دەمەوێ خەونەکانم بکەم بە سێتێک مۆم و
لە گوێ زەریا دایانگیرسێنم،
تۆ پێم بڵێی ڕەشەبا لە سەروقژیان دەئاڵێ؟
بەمن مەڵێ تەنیای
ئەو کاتەی کە پێتوایە زۆر تەنیای،
ئەو کاتە لە قەرەباڵغترین ساتی خۆتدای
چونکە تۆ هەر خۆت نیت
من و تۆین
ئەگەر هەست بەمەش ناکەیت
واتە بوونەوەرێکی سەیریت.

